# فۆلکلۆرپەروەران

## دەدوێن...



ئامادەکردنی: د. عومەر ئیبراهیم عەزیز (پەتی)

ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد

# مەسعود محەممەد عبدالله جەلیزادە

## ( مەسعود محەممەد )



ماموستا مەسعود محەممەد، یەکێکە لە ڕووناکبیرە هەرە گەورەکانی کورد کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زۆر سەرکەوتووانە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی کردووە و شوێن و پایەیەکی گەلێ دیاری لە ئاسۆی کاروانی ڕۆشنبیری کوردیماندا هەیە، بۆیە دەڵێین ئەگەر بهاتا ئەم بەرهەمە بە نرخ و شاکارانەی ماموستای بەڕێز وەربگێڕدرانایەتە سەر زمانە بێگانەکانی وەك: ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ڕووسی...،

ئەو کاتە مامۆستا مەسعود محەممەد لەناو ئەدەبی جیهانییشدا دەنگی دەدایەوە و دەناسرا!!

تا ئێستا لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەب و ڕۆشنبیرییدا، چەندین دیدەنیی و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵدا ئەنجام دراوە، بەڵام ئەم چاوپێکەوتنەیان تایبەتە بە (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) و دەتوانین بڵێین چاوپێکەوتنێکی پسپۆریی و گشتییە و زۆر فراوان و بە بەهایە:

**پرسیار: ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە بڵاوکردنەوە و پاراستنی فۆلکلۆری کوردییدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

وەڵام: ڕۆژنامەی کوردی بەپێی بڕیاری واقع، یەکەم پارێزەری نیازداری فۆلکلۆرمان بووە، هەرچی هەوڵی نووسەرانیشە، دواتر لە فۆلکلۆری پێچاوەتەوە. بەپێی ڕێکەوت و حاڵ و بار، ڕۆژنامە بۆی هەبووە لە فۆلکلۆر، سیاسەت، ئەدەب، مێژوو و هونەر هەتا دەگاتە باسی سەر بە داهێنان و دۆزینەوە و ئایین و پەند و قسەی نەستەق...هتد زمان بگرێت لە شێوەی خۆرسك و ساکار و بێپلاندا. کە دەشڵێین ڕۆژنامە، بەڕاستی ئەگەر ئاگامان لە خۆمان نەبێت، لەوانەیە ئەم وشە زلەی (ڕۆژنامە) بە هەڵەماندا ببات لە بەرینایی قوڵایی واتا و پەراوێزیدا؟ چونکە ڕۆژنامەی کوردی لە هەموو کوردستاندا چەند تاکێکی جانفیدای بوو، زۆربەشیان لە ماوەی کورتدا هەناسەی دەبڕا، هەتا جارێکی تر هەناسەی دەهاتەوە یان نەدەهاتەوە بەر، یان دەبورایەوە جوانەمەرگ دەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا خۆی پێشەنگ بوو لە مەیدانی بابەتەکانی، یەك لەوان فۆلکلۆر.

گوتار و کتێب لە هەر بابەتێك بێت، ئامادەیی و تەیاری و کەرەستە و تا ڕادەیەك سەرچاوە، ئنجا بازاڕی کڕیاری دەوێت. هەر بۆیەش گووتاری بەهێز و پێز لە فۆلکلۆر و غەیری فۆلکلۆریش بە دواکاتەوە بوونە سەر باس و مەیدانی کنە لێکردن لە ڕۆژنامەدا هەتا سەری نا بە گوتاری بێ درێژ و ڕیزە گووتار، بگرە کتێبی سەرلەبەر کە لە شێوەی ئەڵقە لە دوای ئەڵقە بڵاوبکرێتەوە. وەك بزانم پەندی پێشینانی پێرەمێرد لەم مەیدانەدا ڕۆڵی پێشەنگی بینیووە.

**پرسیار: جوداوازیی و لێکچوونی فۆلکلۆری کوردیی و گەلان؟**

وەڵام: پێویستە لە پێشەوە نوکە دەرزییەکی ئاگادارکردنەوەی دۆستانە لە بنی پێی بەشێکی زێدە بەرچاوی نووسەران بژەنم، کە بە نیازی ئیسپاتکردنی برایەتیی گەلانن و نموونەی بەرهەمی فۆلکلۆری هاوجووت دەهێننەوە گوایە ئەمە یەك لە شادەمارەکانی پردی پەیوەندیی و چارەنووسە لە نێوان تێکڕای گەلان یاخود چینی زەحمەتکێشدا. ئەم خەیاڵە سەراوییە، بەسەر خۆیدا دەتوێتەوە لە ئاستی ئاشکراترین ڕاستییە تاڵەکانی ژیانی بەسفەت و سۆی تێکڕای ئادەمیزاد کە بە درێژایی ڕۆژگار، هەتا ئێستاش، دەستیان لە خوێنی یەکتر سوور بووە. نە برایەتیی گەلان، نە هی دانیشتووانی، بە پەند و باڵۆرە و حەیران و عەتابە و خۆریات و نەغمەی تروپاڕ دۆر، بگرە بە نوێژ و ڕۆژووش دابین دەبێت، لەوە هەر بگەڕێ کە لەیەکچوونی فۆلکلۆری نێو گەلان لەچاو جوداوازبوونیان قەترە بە جۆگەلەش نییە! دوور مەبینە بەشێکی پۆزی لێکچوونەکە هی تێکهەڵقژانە دڕندەکانی وەکو شەری خاچپەرستان و وێرانکاری جەنگیزخان و تەیموور و بەر

لەوان، ئەسکەندەر و کۆرش و نەزانم کام جانەوەر بووبێت! لێکدانەوەیەك بکەوە لەگەڵ خۆتدا لە بەستەدا گوێت لێ دەبێت: (بە لەفزێکی زۆر شیرین یارم عەلەیکی داوە) ئا ئەم (عەلەیك)ـە، کە هی (علیك السلام)ـە، بە چ ئەرك و عەزاب و زەحمەتێك لە فتوحاتی ئیسلامەوە بۆ کورد بە میرات ماوە؟! یان شەوباش و ڕۆژباشمان چۆناوچۆنی بەسەر شەپۆلی ئاگر و خوێندا لە شەڕی یەکەمی جیهانی ڕۆژئاواییەکان بۆیانکردووین بە دیاری؟!

وشەی ASSASSINATION بە واتای (اغتیال) غافڵکوژی دێت لە وشەی (حەشاشین)ی قاتلی بەکرێگیراوی (حسن الصباح)ـە وە هاتووە. هەر چۆنێك بێت، لێکچوونی فۆلکلۆری میللەتان چ موژدەی خۆشیی و تەبایی تێدا نییە کە دەزانین جیران و جیرانی دەرت ئاوسێ بەشەڕ دێن چ جای دوو عەشیرەت و دوو میللەتی دراوسێ لەم ڕۆژانەدا کە بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازی هامۆشۆ خەلق لە یەکتر مەیلە و ئاشنا بووە. بەر لە ٤٠ساڵ کوردێکم دەویست بتوانی گوێ لە گۆرانییەکی چینی و مالیزی بگرێت! یا بسەلمێنی خێزانەکەی مایۆی مەلەی ئەوروپاییان لەبەربکات؟! ڕاستییەکەی مەڵبەندە جوداکانی کوردەواریش لە گۆرانی و خۆراك و پۆشاك و نەریتی یەکتر لوتەلا بوون، تا ئەوەی جارێکیان لە دیوەخانی پیاوماقوڵێکی کۆیی دەنگخۆش و مەقامناسی شارەکەم چەند غەزەل و قەسیدەی نالی و کوردی و حاجی خوێندەوە، ئەمما بە مەقام، کە لێبووە میوانێکی بڵباس کە لەماڵەکەی دوو سەعاتێك بە سواری ولاغ لە کۆیەوە دوور بوو، دەنگی هەڵهێنا لە جیاتی ئافەرین گوتی:

ئـای وەهـا لـە دایـەت بکـەم لەگـەڵ دەلـە دەلـەت! ئـەو ملیارەهـا خەلقەندی خوا کە وەکو گیای دەشت و دەر خۆرسك هاتوونە دنیا بە زمـانی جـودا و دیـن جـودا و ڕابـردووی جـودا و ڕەوشـتی جـودا و ئاکاری جودا ملیان ناوەتە خۆتێرکردن و خۆژیاندن، بێ ئەوەی یەك دامـەزراوەی سیاسـی یـا ئـەدەبی یـا زانسـتی یـا کۆمەڵایـەتی جـاریٚ سەری هەڵدابێ، لە کدوولەی تەریشدا خەیاڵی لەوە نەکردووەتەوە بە فۆلکلـۆر کامـەرانی گـشتی جیهـانی پێکبهێنێـت و دەسـتی برایـەتی بخاتە ئەستۆی خۆیەوە لە یەکترچوونی ئەوتۆیی کە بە کنە تێداکردن لە فۆلکلۆر و کەلەپوور دەدۆزرێتەوە شتێکە وەکو لێکچوونی ئەندامی لـەش و هێلکـە کولانـدن و مـەڕ لەوەرانـدن و سـیغارە پێـچانەوە و ڕیشتاشین و نەتاشین کـە دەزانـین ئەمانـەش جوداوازییـان تێدایـە لـە گەلێکەوە بۆ گەلیکی دی.

ئێمـە ئەگـەر هـەوڵ بـدەین پەنـدێکی کۆمەڵایـەتی، یـا هـەر نـەبێت تروسکەیەکی ڕۆشنبیری وەرگرین لـە دیاردەیـەکی وەکـو (چوارژنە)ی دینێك و (تاك ژنە) ی دینێکی دیکە و (سەد ژنە)ی دینێکی سێیەم تا ئەوەی بە چاو و هۆشی کرایەوە دیاردەکە دەبەینەوە سەر ژوورخان و ژێرخانێکی لێوەی هەڵقوڵیون، پتر بەلای ڕێدەرکردن بۆ (برایەتی) و (هاوچارەنووسـی) مرۆڤـدا دەچـینەوە لـەوەی کـە دەبیـنین حـەیرانی دزەییاتی خزمی عەتابەی عەرەبەوە دوورە لە لاوکی کوردی. ئایا چ دڵخۆشییەك هەیە لەوەدا کە کورد و عەرەب گووتیانە: کێ دایکی مارە بکات ئەو بابیـەتی یـان مامییـەتی... کـورد دەڵێـت (دەسـتێك نـەتوانم بیبڕم، ماچی دەکەم) کوردیش وەهای گوتووە و هیچی مایەی شانازی نییە. ئەم پەندە عەزمشکێنانە پتر کاریگەرن لـە پەنـدێکی هانـدەربێت؟

چـونکه عەزمـشکێنەکە حەسـانەوەی تێـدا نییـە. خـۆ هـەزار پەنـدی هاندەریش، بەبێ کەرەستەی ڕاپەڕین و گۆڕانی دەوروبەر بۆ گۆڕان بایی فلسێکە. لە بیستەکان و سییەکاندا لە سرووداندا گەلێك ڕستەی ئاگرینم دەبیست وەك: ڕاپەڕن بۆ پێشەوە، لەسەر هەر کێوێ شێرێ، عیلم و عیرفان، پیشەسازی، تۆپ و تەییارە... کەچی ئەو خەلقە بە زەحمەت نان و ماستی نیوەڕۆژیان پێ سازدەدرا؟! عەلیم لەکوێوە؟ چۆناوچۆنی؟ کـام عـەلیم؟ چ تـۆپ و چ تـەییارە؟ کـوا تەییارەخانـە فرۆکـەوان و بـەنزین؟ بـۆ سـەر کـوێ هێرشـی ئاسمـانی بـەرین؟ ئـەم هاندەرە پەتاو پەتانە پتر هانا و ورووژێن بوون لەچاو فۆلکلۆر، بەڵام چ سوود؟! پێی ناوێ کەس بە پەند و ئامۆژگاری فێرم بکات خووری بکەم بە قوماش و نەوتی ژێر بەحران دەربهێنم، بۆچی کابرای پەند فرۆش ئەو کارانە بە قازانجی خۆی تەواو ناکات؟

خولاسـە خـۆ تـەفرەدان بـە پاڵـەوانێتی، یـا شاگەشـکە بـوون بـە لەیەکـچوونی کـورد و زەنگوبـار[1] هیـچی تێـدا نییـە مەگـەر ڕەنـج بـە فیڕۆدان، ئێمە کە هاتینە سەر لێکدانەوەی زانایانە لە مەیدانی خودی فۆلکلـۆر و شـیکردنەوەی (مقـارن)یـش دەبێـت بـە خـوێنی سـاردەوە کارەکە بخەینە کایەوە، ئیتر ئەگەر سەرەنجام دەرچوو کە فۆلکلۆری گەلان لەگەڵ یەکتردا ناجۆرن، نابێت دووچاری دەمارگیری بین، خۆ ئەگـەر بـە پێـچەوانەش بـوو، لـزوم نییـە سمێڵەختکـە[2]، بمانگرێـت؟

---

١ـ زەنگوبار: کاتی خۆی بازرگانی بە وڵاغ دەکرا زەنگولێکیان لە ملی هێستری پێشەوەی کاروان وەدەکرد تاکو دەنگی ئەو زەنگوڵە مار و زیندوزاری لە پێشەوەی ئەم کاروانە لاببات.

٢ـ سمێڵەختکە: زەردەخەنەی پیاو

چـونکه حیـسابی چـارەنووس بـە هـیچ لایەکیانـدا ناگۆڕێـت و هـەر گوێشی پێ نابزوێت!!

لـە حەفتاکانـدا کـە ئەنـدامی کـۆڕی زانیـاری کـورد و دەمڕاسـتی لیژنەی ئەدەب و لیژنەی فەرهەنگ و لیژنەیەکی زمان بووم، هەنگاوی بەکێشانە و پێوانەمان بۆ کردوکۆیی لە مەیدانی فۆلکلۆردا هەڵهێنا، بەشێکی ئـەو بەرهەمانـەی دەسـتگیرمان بـوون، گەیـشتنە سـەر بـاری چـاپکردن و بڵاوبوونـەوەش، نـازانم دوای دەرچـوونی مـن لـە کـۆڕ و بڕیـاری خانەنـشینکردنم لـە ١٩٧٨/٦/١١ ئـەو بەرهەمانـە چییان لێ کەوتەوە یان چییان لێ بەسەر هات؟!

**ئەم تێبینییە دەماندات پرسیاری سێیەم کە دەڵێ: چۆن دەتوانین کەلەپووری لەبنەهاتووی باوك و باپیران لە فەوتان ڕزگار بکەین؟**

تا ئێستا بەهەتیویش بێت، لە خۆبووردووان هەوڵی دڵسۆزانەیان بـۆ پاراسـتنی فۆلکلـۆر و کەلـەپوور بـە گـشتی داوە. نـاو نـاوە یـەك تویـژاڵی عاتیفـەی نیـشتمانی یـان چـینایەتی ڕەنگێکـی لاوەکـی و سەرپۆشێکی نیوە خوازراییەوە، بە نیازی زێدە خزمەت، دەخەنە سەر چـیهرەی بابـەت، ڕەنگـە مشتومڕێکـیشی تێدا بـە دەنـگ بهێـنن، کـە کـارێکی بـێ لـزووم و نەزۆکـە. لەگـەڵ ئەمەشـدا تێکـرای کۆشـش و هــەوڵی تاکـان و هەنـدێك لـە بنکـەکان ڕۆڵـی گـەورەی بینیـووە لـە پاراسـتنی فۆلکلـۆر و کەلـەپوور. ئێمـە جـارێ لـە سـەرەتای هـەوڵی پاراستنداین: شیتەڵکردنەوە و سەرتوێلێگرتن لە پلەی دووەمدا دێت.

دیارە پاراستنی کەلەپوور بە گشتی کاری گەلەکۆی و هاریکاری بەردەوامـە و پێویـستی بـە پـارە و دەسـەڵات و خۆتـەرخانکردن و

بەدواگەڕان هەیە، وێڕای فراژووتنی سەقافی لە مەیدانەکەدا. لەم مەیدانەدا، بنکەیەك نایەتە بیرەوە شیاوتر لە کۆڕێکی وەکو کۆڕی زانیاری کوردی.

پێویستە لکێکی لیژنەی ئەدەبی تەرخان بێت بۆ فۆلکلۆر کە کەلەپوورکۆکردنەوە و شیتەڵکردن بە ئەستۆوە بگرێت، کە دەزانین بابەتی ئەدەب فۆلکلۆریشی لەگەڵدا بێ، لە زاوزێدایە و شتی نوێی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لاوك، کە هەندێکی بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداو و تۆمارخانەیەکی مێژوو بەدەستەوە دەدات، وەك دەبینین شۆڕشی شێخ مەحموود لە لاوکێکی کاوێس ئاغادا زیندووە. بەستەشم بیستووە ڕووداوی عادەتی کردووە بە بابەتی هەڵپەرکێ وەیان گۆرانی. ئاواتم ئەوەیە لاوك و ساز و لاوکبێژ بمێنن بۆ زاخاودانی دەروون و مێشکی کوردەواری بە چیرۆك و ئاوازی زیندوو... بگەڕێوە بۆ بەیتی مەشهووری (عەبدوڕەحمان پاشای بابان) لەلایەن عەلی بەردەشانییەوە و بزانە چ جەهەندەمێکی گیانی کوردپەروەری هەڵایساندووە. ئێمە لە کۆنەوە نووسینی ڕابووردووی خۆمانمان نە پاراستووە و مێژوومان بووە بە دەفتەرێکی پەڕپووت و بەشی زۆری پەڕەکانی کەوتووە! سەد جار بەداخەوە...

بێگومان تا ئەو ڕۆژەی بنکەی ئەوتۆیی دێتە کایەوە دەبێت ئەدیب و زمانەوان دەست لەو کارە توند بکەن و بەبێ خاوەنی نەهێڵنەوە من و تۆیش دەبێت دەستی یارمەتییان بۆ ڕاهێڵین نەك هەر بە وشکەئافەرین پاداشیان بدەینەوە.

**پرسیار: له ئەمڕۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا له جیهان و له کوردستاندا فۆلکلۆر چۆن دەبینرێت، ئایا لەگەڵ یەکتر دەگونجێن؟ ئەگەر دەگونجێن چۆن؟**

وەڵام: ئێمەی بێبەش، پشکی چیمان هەیه لەو تەکنەلۆژیایه؟ ئێمە تا ئێستاش بەشێکی گوێزانەوەمان بە کەر و ئێسترە کە لە تەک کەشتی ئاسمانی دابندرێن بەپێی کێشانەی سەردەم پێی ناگوترێت (مواصلات). سەیرێکی هەر سێ کوردستانم بۆ بکە بزانە بە چەند ڕێگەی گەڕۆك پێکەوە بەستراونەتەوە! لە سەرێکی دیکەشەوە گونجانی تەکنەلۆژیا لەگەڵ فۆلکلۆردا وەك گونجانیەتی لەگەڵ غەیری فۆلکلۆردا، هەر لە کەلەپوورەوە هەتا ژن مارەکردن و ڕاوەبەراز، لە هیچ ڕوویەکەوە ڕاستەوخۆ دژ بە یەکتری ناوەستن. تەکنەلۆژیا و زانست لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا دژ دەوەستێت... خۆ ئەوەی ڕاستی بێ، تەکنەلۆژیا لە تەك ڕابوردوودا خزمەتگوزارە نەك پەکخەر.

دەشێ خەیاڵ بۆ ئەوە بڕوا کە تەکنەلۆژیا داهێنەری بابەت و شێواز و خولیای ئەوتۆ لە واقعی ئەمڕۆکەمان بتارێنێت، بەڵام وا پێدەچێت ئەم تەکنەلۆژیایە بە خۆی و سروشتی داهێنەرایەتی و پاراستن و بەرەژوور بردنیەوە لە مەیدانی هونەردا خۆی دەبێتە هونەرێکی تازە کە تێکەڵ بە کلێشەی هەموو بابەتێك دەبێت. من دەبینم لە ئایندەدا سینەما کە بەرهەمێکی پێشکەوتووی زانست و تەکنیکە، جیهانێکی بەخەیاڵدا نەهاتوومان بۆ دەکات بە فیلم. وا دەزانم هەرچی بابەتی فۆلکلۆری هەیە لەم سەرەدەمەدا بە جۆرێکی وەها پێشکەوتووانە نیشان دەدرێن کە لە تەکنیك و زانست و ڕێکاری ژیان و ژیاری کۆتایی سەدەی بیستەم بوەشێتەوە. لە تەلەفزیۆنی بەغدا شایی

کوردی دەبینیت بەرگی تازەی بە بەردا کراوە و چی لەدەستدا بووە ئارایش و پیرایشی تێدا کراوە ـ کە عێراق زۆریشی لێ نازانیت ـ فۆلکلۆر هەتا دەگاتە شانۆ بەناوبانگەکانی دنیا، چووەتە تویێکڵێکی بەبیراندا نەهاتوو! هەرگیز تەکنەلۆژیا دژی فۆلکلۆر و هیچ بابەتێکی سوودبەخش نییە.

**پرسیار: ئایا فۆلکلۆر کۆکردنەوە، یان لێکۆڵینەوە، یان هەر دووکیان، پێویستن بۆ ئەمڕۆی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی؟**

**وەڵام:** تا ڕادەیەك لەوەی تا ئێستا گوتوومە وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، یاخود بەرێکەوت نەختێکی لێ دواووم... لێرەشدا دەڵێم پاراستن لە پێشەوە دێت و دواتر لێکۆڵینەوە. ئەمە لە ڕووی گرنگی هەردوو کارەکەوە؟ چونکە شتێك نەپارێزریت، تێدەچێت، جگە لەوەی کە بەشێك لە بابەتەکە هێندە سادەیە لێکۆڵینەوەی ناوێت، ئنجا دەشزانین زۆربەی هەرە زۆری میللەت بەبێ خوێندەواری، فۆلکلۆری پاراستووە و تێشی گەیشتووە، بەهەرحاڵ: زەرەر لەوەدا نییە کە کەسێك ئارەزوو بکات مل بداتە لێکۆڵینەوە، لێنەکۆڵێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەگەر بێین ڕاوەستین هەتا لە کۆکردنەوە دەبینەوە، لەوانەیە نۆرەی لێکۆلینەوە هەر نەیەت؟ چونکە کۆکردنەوە کارێکی بەردەوامە. لێکۆڵینەوەش مەرجی هەیە. هەرە گرنگ ئەوەیە لێکۆڵەرەوە قۆنتەراتی نەگرتبێت کە ئەو مەبەستەی خۆی حەزی لێ دەکات بە هەوێنی فۆلکلۆری دابنێت و بابەتی پێ ڕەنگ بکات وەك کە مەلایەك دین و قیامەت لە فۆلکلۆردا ڕەچاو بکات و کۆمۆنیستێکیش شەڕی چینایەتی و کوردپەروەریش گیانی نیشتمانی. لە پەراوێزی

لاپەرە ٧٣ و ٧٤ ی کتێبی (اعادە التوازن) کە لە ١٩٧٧ بڵاوکرایەوە چواردە دێڕم لەسەر (پەند) نووسیوە ئەم ڕستەیەی لێ ڕادەگوێزم کە موناسبی جێگەکەیە: ان مجموع الناس من مجموع الزمان هم اصحاب مجموع الامثال في لغة من اللغات. ئەم ڕایەی من، پەند بە تێکڕای میللەتێك دەداتن نەك هەر بەشەی بە چینێك و باوەڕێك ببەخشێت.

**پرسیار: چ لایەنێکی بابەتی ئەدەبی فۆلکلۆریی، لە پێش ئەوەی تریان سەری هەڵداوە؟**

وەڵام: لە زمانی کوردیدا (کە نووسینی کۆنی نەبووە، یان کە هەبووبێ نەماوە)، ناتوانین شایەدی زیندوو بهێنینەوە، کەچی لە عەرەبییدا، دەبینین شیعر و پەند لە کۆنەوە هاوچەرخن. بەندی حوشتر لێخوڕینیش دەچێتەوە کۆنترین، کاتێ کە دەماودەم و بە نووسینیش شتی پاراستووە. ئێمە بۆمان هەیە بیرگێڕیی و سەرنجگرتنی لێ بەکاربهێنین: لە نموونەدا دەڵێم، من بۆ ئەوە دەچم (بەنووسینیش دەرمبڕیووە) ئەو بابەتە گۆرانییانەی وەکو ئەڵڵاوەیسی، ئای ئای، خاوکەر، خورشیدی و تێکهەڵکیش... کە زەنگوڵەیان تێدایە و لەوپەری باشووری کوردستانی عێراقدا باون، دەچنەوە بۆ دەمی ساسانییەکان کە کورد لەو ناوچەیەدا دراوسێی فارسەکان بووە کە دەزانین پایتەختیان لە خوار بەغدا بووە، زەنگوڵەش لە سترانی فارسییدا هەیە، لە هەموو کوردستانی دەرەوەی سنووری ئێستای ئێراندا، تەنها لەو ناوچە باسکراوەی کورددا ئەو زەنگوڵەیە هەیە کە دەبێ لەو دراوسێیەتیەی ڕۆژگاری بەر لە ئیسلام کەوتبێتە گۆرانی کوردییەوە... لە ڕێی قیاسەوە دەتوانین بڵێین لاوك

كە پەیدابوونی هەندێکیانمان دیتووە وەك شەڕە عەشیرەت و شۆڕشی شێخ محموود، دەبێ لەوەتەی شەڕە عەشیرەت و ڕووداوی عیشقی هەستیار هەبووبێت، ئەویش هەبووبێ. بێگومان بەیتی (مەم و زین) لە فۆلکۆردا گەلێك کۆنترە تا هینەکەی (ئەحمەدی خانی) کە بەداخەوە دەقە کۆنەکەی فۆلکلۆری دەما دەم گۆڕاوە و هەرجارە بۆ سەر لەهجەی ڕۆژگارێك و هەرێمێك: شایی ئەگەر دەهۆڵ و زوڕنای لەگەڵدا نەبێ، بێ بەستە ناگەڕێت... دەهۆڵ و زوڕناش بە ئەرك و مەسرەفە و هەموو دەمیش دەست ناکەوێت؟! کەواتە بە بڕیاری ناچاری دەڵێین لەوەتەی شایی بووکگواستنەوە و بەزم و ڕەزم هەیە، بەستە بە تێکڕایی و، بەستەی شایی بەتایبەتی، هەبووە. (پەند) بەپێی لێکدانەوەی گوتەنی (منطقی) هاوزای پشکووتنەوەی هۆش و فامی مرۆیە هەر چەند ئەو پەندەی دەماودەم بێ نووسین ماوەتەوە، ڕووخساری دینی ئیسلامی پێوە دیارە؟ چونکە نەك پەند، بگرە سەرلەبەری زمانی ئاخاوتنی دێرینمان لەبەر بێنووسینی، سڕاوەتەوە. چی لە ئاڤێستا و پەهلەویی و پارسێك بە ئێمە گەیشتووە، شتێکی زۆر کەمە لەچاو ئەوەی بە فارس گەیشتووە؟ چونکە فارس بوو بە میراتگری سەقافەتی دینی و دنیایی، هەر لە تێکچوونی مادەوە هەتا فەتحی ئیسلامی، مەگەر ١٥٠ ساڵێکی پاش زاڵبوونی ئەسکەندەر بەسەر دارای هەخامەنشییدا. ئێمە دەبێت (دێ بە دێ ترخێنە بە سکوو) ی بۆ بکەین و فکری لێ بەکاربهێنین و چاو چرکەینەوە لە کۆنینەناسەکانی ڕۆژاوا بەڵکو شتێکمان بۆ بگێڕنەوە لە زمان و ڕۆژگاری دێرینمان... قسە زۆرە مەوداش کورتە...

بێئەوەی بپرسین مەبەست لە (ڕۆڵ) چییە، دەتوانین بڵێین ئەو کەلەپورانە پێداویستی ژیانی ڕۆژانە بوون نەك ئەوان داهێنەری داب و دەستوور و ئایین و ئاکار و جۆری گوزەران بووبن، یان شەڕ و ئاشتییان ناوەتەوە یا لە خۆیاندا دەماری مەردایەتییان ئافراندووە. بەڵێ، لەجێی پێویست و کاتی لەباردا وەها دەبێت پەندێك یان مەتەڵێك یان بەستەیەك دەبێتە کێلەرێ، بەڵام ئەم دیاردەیە، هەم دەگمەنە و هەم ماڵی هەموو بابەتێکە و هەم دیاردەیەکە خۆی زووتر لە پزدانی واقیعەوە بەربووەتەوە فۆلکلۆر و کەلەپوور هەر دوویان تەزکەرەنفووس و پێناسەی ئەو دەوروبەرەن کە پێیان ئاوس بووە. تۆ سەیریکە: دینی ئیسلام بۆ کورد بوو بە دەستووری ژین و مەرگ وەهای داواکرد کە ژووری دیوەخانەکانیشی نەك هەر هی مزگەوت بەرەو قیبلە درێژ بینەوە هەتا نوێژکەری کۆمەڵ و تاك، بێ مامۆستا بەرەو قیبلە ڕاوەستن... لە کوردییدا (قوس و قزح) کە پەلکەزێرینەشی پێدەگوترێ، بە (عەیشێ و فاتمان) ڕۆیی؟ گوایا قژی ئەو دوو ئافرەتە پیرۆزەیە... بەکورتی، فۆلکلۆر کاوێژکەرێکی ئێسکسووکی واقیعە، هەر وەك ئاخاوتنیش تەرجومانی هۆشە لە گوتنەوەی بوونەوەردا، بەڵام لە مەیدانێکی بەر فرەوانتردا تا هی فۆلکلۆر، کە بە شێکی بەرچاوی هەر ئاخاوتنە. دەبینین هەڵپەرکێ و بەستە و دروێنە...هتد لەسەر شانۆ یان لە هۆڵی دانس و سینەما خۆ دەسەپێنی بەسەر پلاتۆ و ئاکتەر و کاربین (دەرهێنەر)دا، دەبێ بزانین خاوەن نیازێك ئەو بابەتە فۆلکلۆرانەی هەڵبژاردووە ئیتر بۆ هەر مەبەستێك بوو بێت. بە هەمە حاڵ، دەوری ڕۆشنبیری مەراقدار ئەوەیە بابەتەکان بە دەنگ و ڕەنگ بهێنێت و گیانیان تێ بگێڕێت، زۆر گرنگ

نییە ئاخۆ مامۆستا فلان و هونەرمەند فیسار لە نرخاندنی بابەتەکاندا نیشانەی پێکابێت... ئەو بەیتەی کە دەڵێت:

خانمێ کیژێ کاکەڵلای،

هێ بڵندێ بەڵەك چاوە...

لە چ سەردەمێکی ئازادییدا تەعبیر وەها بە ڕەهایی ناوی کیژ و باوك دەهێنیت و شایی پێ گەرم دەکات؟! ئەو بەیتە هی زمانشڕی و بێپەردەیی نییە... لە شایی ڕەشبەڵەکدا لە بەستەبێژم بیستووە کە گوتوویەتی:

بە سمتی باوەڕ مەکەن،

حەفت دەرپێی لە پێدایە...

کەسیش لە شاییکەران گوێی پێ قوت نەبووەتەوە. ئەم تەعبیرە هی کام ڕۆژگاریان بۆ دەور دەکاتەوە؟ لە کەی و لەکوێ کورد وەها پاتەوپات و ئاشکرا تامەزۆریی خۆی بۆ وشەی زایەندی شکاندووە؟ تۆ بڵێی بەرتەکی تەنگەتاوبوون نەبێ بەدەست (مەکە، گوناحە عەیبە، تۆبەو سەد تۆبە، ڕووڕەش خۆی)ەوە؟! ئەگەر گوێڕاگرتنی شاییکەران بەعەیارە بگرمۆ، ئەم تەعبیرە کە خەلقەکە لێی خۆش دەهات دەبێت کۆنینەش وەکو ئەوانە هەناسەیەکی سانەوەیان لە بیستنی بەیتەکە هەڵکێشابێ. ئایا ئەمە هۆی بێپەردەییە یان تەڕەشقۆی بێ تەئویلی ژیانی کۆمەڵە کە لە درزێکەوە مەبەست و نیاز دەدەڵێنێت... لە بیرمە لەسەرەتای سییەکاندا کور و کیژی بڵباس بە بالۆرە لێکیان دەخوێند، یەکێکیان ئەمەی گوت (مایینێ سەر بێ ڕێشم لە برای خۆمت کێشم) مایینی سەر بێ ڕێشم، هی بەرەڵلایەکی ناو ڕەوەیە نەك لەسەر پەت خزمەت دەکرێت ئەسپیشی تخوون ناکەوێت بە

ئانقەست نەبێت... بەیتەکە هاواریەتی کە بە زمانی کچ دەدوێت. ڕێم هەبا بە درێژەی باسی (دەست ناکەیەوە)ی گەلە ئافرەتی عەشرەت لەگەڵ تاکە پیاوی ڕێبواردام بۆ خوێنەردەکرد تا بزانێت داب و دەستوور چ جۆرە ڕەفتارێك دەسەلمێنێت!

**پرسیار: لەو بەرهەمە چاپ کراوانەی خوێندووتانەوە، کامیانت پڕ بە دڵ بووە، چ کتێب چ گوتار؟**

**وەڵام:** ڕاستییەکەی خویندوومەتەوە بەنیازی خۆ تێدا تاقیکردنەوە نەبووە، بەڵام لە پەراوێزیکی بەریندا کە بەرپرسیار بوون نانێتەوە بۆ وەڵامدەرەوە، دەڵێم هەندێ گوتارم خوێندووەتەوە لەسەر موفرەداتی چەند کەسب و کار و یاریی کوردی، هەر دەتگوت بە تکاو ڕجای من نووسراون؟ چونکە لە دەمێکەوە پەرۆشی ئەو وشانە دەکێشم کە دەزانم بەشێکی زۆری لەناوچوون و لەوانەن گەنجی تازی ڕەسیوی کورد هەر نەشی بیستبێتن. لە نووسینی خۆمدا، هەندێ زاراوەم لە بەشێکی وشەی ئەوتۆیی دارشتووە. لە گەنجی دیسکۆدۆست بپرسە (سەر ڕۆ) کێیە؟ ڕەنگە تەقە لەسەریەوە بێت؟! لێی بپرسە کە ئاخۆ لە دروێنەدا، گاز و سواڵە و مەلۆ[1]، چین؟ یان بەو منداڵەی ئاگاداری

---

١ـ گاز، سواڵە، مەلۆ/ گاز: کاتێك پاڵە (درەوان) لە کاتی دروێنەدا جارێك داسەکەی بە لای چەپدا و جارێك بە لای ڕاستدا دەبات پێیدەگووترێت گاز، جا ئەو بەرە دروێنە چەند پاڵەی تێدا بێت و ژمارەیان چەند بێت پێیدەگوترێت گاز.

سواڵە: ئەو برە جۆ یان گەنمەیە کە پاڵە یان دروێنەوان لە گۆلمی دەستی چەپیدایە و بە داسی دەستی ڕاستی دەیدروێت.

مەلۆ: چەند سواڵەجۆ یان گەنمێکە لەسەر یەك...

گایەك دەكات كە نۆرەی حەسانەوەی هاتووە؟ دەڵێن چی[١]؟ ڕەوسە و گەلاوێژ و گیشە و قرشە[٢] و... مانایان چییە؟ لات و سەدە[٣] چەندن؟ خەت و دوریخە بە چی لەیەك جودان؟ سمكەكردن لە گوڵی برنج چ دەبەخشێت؟ دەبێت وەڵامی چی بێت...؟؟!!

---

١ـ لە دۆڵی باڵەكاتی و دۆڵی ڕۆستێ، پێیدەڵێن مادۆنی.

٢ـ ڕەوسە، گەلاوێژ، گیشە، قرشە/ ڕەوسە: خەرمانی شەن و كەو و پوختەكراوە كە كا و دان لێك جیا دەكرێتەوە، دانەوێڵەكە (گەنم بێت یان جۆ) پێیدەگوترێت ڕەوسە و كایەكەیش پێیدەگووترێت تارمە.

گەلاوێژ: چەند مەڵۆگەنمێكە لە پەرێزی دروێنەدا دادەنرێت و دواتر بە كۆڵ یان بە پشتی وڵاخ دەگوازرێتەوە سەر جێخوون (جۆخین).

گیشە: ئەو مەڵۆ جۆیانەیە كە لە پەرێزی دروێنەدا دادەنرێت و دواتر بە كۆڵ یان بە پشتی وڵاخ دەگوازرێتەوە سەر جۆخین.

قرشە (كرش): كۆی هەموو ئەو گەنم یان جۆ دروێنەكراوەیە كە لەسەر جێخوون بە شێوەیەكی بازنەیی كۆمەڵ كراوە و ئامادەیە بۆ گێرە.

٣ـ لات، سەدە: لات: ڕووبەری تۆووەشاندنە بە ڕاست و چەپدا، لەمسەر بۆ ئەوسەری زەویەكە، لە كاتی جووتكردندا. فراوانیی و پانیی ڕووبەرەكەیش دەكەوێتە سەر قەڵافەت و توانا و درێژی و كورتی باسك و قۆڵی تۆووەشێنەكە. بەڵام بەگشتی ٦ شەش شەقاوە، ٣ سێ بە لای ڕاستدا و ٣ سێ بە لای چەپدا.

سەدە: بەپێی كەمی و زۆری ڕووبەری ئەو پارچە زەویەی كە جووت دەكرێ، دەكرێ بە چەند بەشێكەوە و لەمسەر بۆ ئەوسەر خەت دەكرێ، ئەو خەتە پێیدەگووترێ سەدە، سەرەتا و كۆتایی خەتی جووتكردن پێیان دەگووترێ سەرەسەدە...

مەبەست لەو سەدە یان لەو خەتانە: كۆن، جووتكردن بە ئاژەڵی وەك گا، مانگا، ئێستر و كەر بووە. لەمسەرەوە لاقی یەكێك لە ئاژەڵەكان كەوتۆتە نێو خەتی جووتەوە و لاقی ئاژەڵەكەی دیكە لەسەر زەوی نەكێڵراو بووە، دیارە ڕۆیشتنیش بە نێو زەوی كێڵراودا سەخت و سەغڵەتە و بۆ ئەوەی ئاژەڵەكان زۆر ماندوو نەبن، لەوسەری سەدەوە پێچەوانە بۆتەوە...

لەوەتەی تراکتۆر پەیدا بووە، زاراوەی سەر بە فەلاحەت خەریکە لە بیران دەچنەوە، پەرۆشم بۆ ئەو زاراوانە نەك دژی تراکتۆریم. لەگەڵ ڕەحمەتی (هەژار) بۆ ئەوە دەچووین کە پێشگری (ئەن، هەن) لە وشەی وەك: هەنار هەنجیر، هەنگوین، هەندرێشە، هەنبان.. کە فارسی (هە)ی بەرایی بە (ئە) هێشتووەتەوە، هەمووی شیرنی و چەژی خۆش دەبەخشێت. لە وشەی (ئەنگوتك) نەمدەزانی کەرتی (گوت، گوتك) چییە هەتا لە گوتارێکی دەربارەی لەهجەی (وابزانم کاکەیی بوو) خوێندمەوە کە (گوت) بە واتای (تۆپ) دێت، ئنجا مەتەڵەکەم بۆ لێکدرایەوە...

**پرسیار: ئایا ڕەخنەی فۆلکلۆرییمان هەیە. هەر وەکو لە بوارەکانی دیکەی وێژەدا دەبینرێت؟**

**وەڵام:** نایەتە بیرم شتێکی ئەوتۆم لەم بابەتە خوێندبێتەوە. ڕەخنە لە فۆلکلۆر و هەر بابەتێك بێ، بەندە بە سێ بناغەی سەرەکییەوە:

یەکەم، بارستی بابەت ئەوەندە پۆز بێت هۆش و گۆشی خوێنەر و نووسەر و لێکدەرەوە بەخۆیەوە بخەریکێنیت، وەك ئاوێکی بشێ مەلەی تێدا بکرێت.

دووەم، ئەوەندە لەسەر بابەتەکە نوسراوبێت بیروڕای هەمەجۆری تێدا پەیدا بووبێت.

سێیەم، سوارچاکی ئەو تۆ پەیدا بووبێت کە ئەسپی قەڵەم لە مەیدانی بابەت بغارێنێت. خۆشامەدی خوێنەران لە بابەت ناکەمە مەرج؟ چونکە وەها دەبێت گرنگترین گۆشەنیگا کەس فلسێکی پێ نادات، پووچەڵترین ورێنەش برەو دەستێنێت. گەلێك جار نووسین لە

پێداهەڵگوتنـدا کـاری خـزم و خزمێنـه و خاترانـه بـووه. بەداخـەوه بێئـەوەی بمـەوێت کۆسـپ بخەمـه بـەر هـەنگاوی ڕەخنـەوه و هـەر لـه سروشـتی ڕەخنـه خۆیـەوه دەڵـێم: دەبێـت ڕەخنـەگر لـه لایـەنگیریی و ناحـەزی ئایـدیۆلۆژیاوه لـه گـوژاڵ تـاڵتر بێـت؟ چونکه ئایـدۆلۆژیا لـه بنیـادەوه بریتییـه لـه لایـەنگیریی و ناحـەزی... لـه دەرەوەی جغـزی ڕەخنـەوه، نووسـەر بـۆی هەیـه خـۆی دابێتـه پـاڵ ئامانجێـك، بـەڵام هەرچـی ڕەخنـەگره، دەبێـت بابەتـەکی (مـەوزووعی) بێـت. ناشـێت ڕەخنـەگری مولحید لەبەر خاتری ئیلحادەکەی بەندی سەر بە ئایین ڕیـسوا بکـات، هـەروەها ڕەخنـەگری دینـدار بـۆی نییـه لـه خـودی ڕەخنـەدا، بـه عـەیارەی مەزهـەبی خـۆی پەنـد و مەتـەڵ و بەسـتە و حـەیران هەڵـسەنگێنیت... ئـەم بەخۆوێرانـەش کـاری پاڵـەوان و فریشتەیە لە کۆمەڵگەی دوواکەوتوودا.

**پرسیار: لە گۆڤاری (بەیان)دا باسی (شایی)تان کردبوو و لە بارەی (سێ پێیی)یەوە بیروڕای مەلای گەورەتان باس کردبوو؟**

وەڵام: تەمـەنم دەوری دوازده سـاڵی بـوو (وەك کـه ئێـستا دێتـەوه یادم ) لـه بـاوکمم بیست: شـایی (سێ پێیی) کوردی، لـه جموجۆڵی پێمەڕەکارییـەوه وەرگـیراوه. قـسەیەکم نیـشته دڵـەوه، وەك هـەموو قـسەکانی دیکـەی. سـەرنج بگـره لـه هەڵـسووڕ و دا سـووڕی پێمـەڕەکاری، دەبێنـی پـێش و پـاش چـوونێکی تێدایـه تـا ڕادەی تیشکدانەوه له (سێ پێیی)دا بەدەر دەداتەوه، بەتایبەتی کە شاییکەر دێـت قاچـی ڕاسـتەی بـەرەو دوا جلیـت دەکـات و بـه چـالاکی بـۆ پێشەوەی حەواڵە دەکاتەوە و ڕەپە لە زەوییەوە دێنێت، هەر دەڵێی

پێمەڕەکەرە بە توندی قاچی ڕاستەی لە دواوە بۆ سەر ئەسپەرەی[1] پێمەڕە دێنێت و بە هەموو هێزیەوە دەمی پێمەڕە لە خاك ڕۆدەچوێنیت دوای دە بۆ پازدە ساڵێك لە خوێندەوەمدا دیتم نووسەری مەزنی مارکسیزم (پلیخانۆف) دەڵێت: ئافرەتی ڕەسەنی ئوسترالیانیشن (دانیشتووی ڕەسەنی ئوسترالیا) لە شایی ئایینی ئەو دەورە دەبینێت کە لە هەڵکەندنی ڕەگ و پیکی گیا و درەختدا بۆ گوزەرانی ڕۆژانە دەبینێت. ئەوسا بیرم بۆ ئەوەی چۆوە کە شایی (سێ پێیی) ناوەکەشی لە پێمەڕەکارییەوە وەرگیراوە کە دوو پێ پێمەڕەکەر و پێمەڕەکە خۆی دەبن بە (سێ پێ) هەر لەم بواری (دیاردەخوێنی)یەوە باوکم بۆ ئەوە دەچوو کە زێدە خەریکبوونی کورد بە درەختەوە، پەیوەندییەکی بە دینی کۆنی زەردەشتییەوە هەیە.

من خۆم بۆ ئەوە دەچووم کە خوار و خێچی کۆڵانەی شارەکان هی بێزەوقی نییە، بەڵکو بە نیازێکی گرنگەوە بووە کە خوێندنەوەی بۆ ئەو دەمەیە کاتێ دوژمن هێرش دێنی بۆ ناو شار، ماوەیەکی کورتی کۆڵانەکان دەبینێت و دەشێ لە پەنا هەر پێچێك و ئانیشکەیەکی کۆڵانەکە، نەدیووە و تەپکەیەکی بۆ نرابێتەوە، بەڵگەی ماددیش لەمەدا ئەوەیە کە نوێنی[2] ئاوی پیس (لە پەهلەوی کۆندا "نکۆین"ی پێگوتراوە.) لەگەڵ کۆڵانەکاندا پێچ دەکاتەوە، دیارە لە سەرەتای دروستکردنی شارەکەدا کۆڵان و نوێن بە ئانیشکە و پێچەلپێچ

---

١ـ ئەسپەرە: زیادەیەکی دارین یان ئاسنینە بە تەنیشتێکی چەپی یان ڕاستی پێمەڕەوە، جوتیار لە کاتی ئیشکردندا پێی لەسەر دادەگرێت.
٢ـ نوێن: جۆگەی ئاو

سازدراون نەك دواتر خەلق لە خانوو نوێكردنەوەدا سنووری بەزاندبێت، دەنا دەبوو بەشێكی نوێنەكان لەژێر حەوشە و ژووری خانووەكانەوە تێپەڕ بن. نوێن هەڵنان ئەركی گرانە، ئەگەر مەبەست خۆپارێزی نەبوایە ئاسانتر ئەوە بوو نوێنی ڕاست لێ بدەن تا لە درێژاییەكەی كەم ببێتەوە.

**پرسیار: فۆلكلۆر و كەلەپوور تا چ ڕادەیەك تێكەڵاویی و پەیوەندییان پێكەوە هەیە؟**

وەڵام: لە ڕووی واتاوە، فۆلكلۆر بەشێكە لە كەلەپوور، بەڵام پتر بەلای مەهاراتدا دەبێتەوە كە واتا و تەجریدە نەك ماددەی ڕەق، ڕەنگە بشێت بڵێم نیسبەتی فۆلكلۆر لەگەڵ كەلەپوور، بەزۆری وەك نیسبەتی وشەی (شەڕ)ە لەگەڵ شەڕەكە خۆیدا، یان نیسبەتی لاوەكی لەگەڵ ئەو شەڕەی لێیەوە دەدوێت. پێشتر گوتمان (سێ پێیی) لە پێمەكارییەوە وەرگیراوە، لە سەرەتای وەرزی دروێنەدا كە جارێ سەپان بە تاقەتە و گەرماش هەناسەبڕ نەبووە، دەنگخۆشێك لە سەپانەكان بەدەم دروێنەوە (هەدرونە درروونە درروونە، دەستكی داسێم بە ڕوونە) بە ئاوازەوە دەڵێت و هەنگاوی سەپانەكان نەوا دەبێت و ڕیزیان ڕێك دێت و تێن و تەوژمیكیش بە قولەم و باسكیان دەكات، ئا ئەم بەستەیە و دروێنە لە پایەی مەلۆتكە و دایكیدان، بەڵام بەستە نامادديی و دروێنەش جموجۆڵی ماددییە. زۆر ناڵبەندم دیتووە لەگەڵ تاشینی سمی وڵاغدا بەستەی سادەی بە ویزەویزەیان گوتووە چەك و چەكەی لە ناڵیش داوە و لە بزماریش... ئا ئەم لێدانەی ناڵ و بزمارەكە وێرانی ویزە ویزەكەی وای كردووە كە

ئاهەنگوکێك ساز بکات تەڕدەماغی بە ناڵبەند و گوێگر و بە ولاغیش بگەیەنێت، ڕەنگە ئەگەر لێی وسکت بێت یان هەر لە بزمار بدات، کارەکەی نالەبار دەربچێت؟! ئەم فۆلکلۆرە کە ناویشی لێ نراوە لەگەڵ ئەسپەکەدا منداڵ و دایکن، <u>***بالۆرە***</u> یە، چونکە لە دەمی چنینی مازوو یان گەلابڕین یا ئیشێکی سەر بە مەڕ و ئاژەڵ بێت و لە دەرەوەی سنووری ماڵە، بۆیە هەر لە دەشت و دەر و دووری ئاوایی هەروا گوتراوە.

لە خەلقی لادێیم بیستووە و بە حکایەت دەگێڕنەوە: مەڕی دێیەك تالان دەکرێت شوانی مەڕەکە ئیزن لە تالانکەران دەخوازێت بۆ دوایینجار نەختێ بلوێرژەنی بۆ مێگەلەکە بکات. بلوێرژەن لەسەر هەوای تالانکردن، بەرەو گوند بلوێر بەدەنگ دەهێنێت، بەمەش خەلقی دێیەکە تێدەگەن و بە هاوارییەوە دێن مێگەل ڕزگار دەکەن. مەقامی (شلە و خانان) بە هەڵبەست و ئاهەنگەوە هی جەنگە. لە هەموو ئەمانە زیاتر بەزمی مەشهووری فەقێیان کە شکلی حکومەتێکی تێدا دروست دەبوو. سەرۆکێکی بەناوی (میر کوڕان) تێدا دەبوو بە میر و؛ دەستە و دایەرەی فەرمانڕەوایی بە دەورەوە دەبوو. هەتا چەند شەو و ڕۆژان حکومی بەسەر برا گەورانیشی زاڵ دەبوو. ئا ئەم بەزمە، تامەزرۆ و شکاندنی بێحکومەتی کوردان بووە. لە بەشێکی سێ جزمەی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) ئەم باسە و ڕووداوێکی تێدایە کە لەو دەمەدا کە حاجی قادر و حاجی مەلا عەبدوڵلا لە باڵەکەتی بەیەکەوە خوێندویانە... هاتووە.

کورتەی قسەکە ئەمەیە: فۆلکلۆر شێوەیەکە لە تەجرید و زۆر جاران تەجریدی ڕووتە و بەناچاری مەلۆتکەی کەلەپوور و ژیانی کۆمەڵە. بەو دواییە فیلمی کارتۆنی ئەوتۆ دەبینم خەریکە بەڕاستی جڵەوی واقیع

بگرێت بە نرخی (جوانی)ی تازەزاو، هەرچی کەلەپوورە چونکە دەلالەتی (میرات) ی هەیە، لەخۆوە یەکسەر بە تازەیی هەڵنانـدرێت و دەبێ وەرگرێتە سەر قاڵبی فۆلکلۆر یان فیلێکی دیکەی لەگەڵدا بکرێت ئنجا بشێ (میراتی تازەزاو) دەربچێت. رووخسارێکی ئەمڕۆکەی کۆمەڵ هەیە دەبێت لێگەڕێیت کۆن بێت ئنجا بە کەلەپوور بڕوات.

**پرسیار: لە داب و نەریتی کوردەواری شتێکی وا هەیە لە داب و نەریتی گەلان جودا بکاتەوە؟**

وەڵام: دەبێ بزانین داب و نەریتی سەرلەبەری میللەتێك یەك شێوە و یەك وێنەی نیە و مومکینیش نییە ببێت، پرسیارەکەش بە زۆر لادا و لە گەلێك رووەوە داوای وەڵام دەکات. یەکێك لەوانە هەڵکەوتێکە جۆرێك paradox پێکدەهێنیت. هەتا هۆی هاتووچۆ و گوێزانەوە تەمبەڵ و سەفەر زەحمەت بووبێت، لێکچوونی نەریت و کەلەپوور و فۆلکلۆری هەرێمە لێکتر دوورەکانی یەك وڵات ئەستەمتر بووە. لەوەتەی گەڕۆك و فڕۆك و ڕێ و بانی هەموار پەیدا بووە، گۆڕان وەها خێرایە نایەڵێت نەریت بەسەر خۆیدا کورت بێت و موعادەلەی تازەبابەت خۆی بەسەر نەریتدا دەسەپێنێت تا ئەوەی دەشێت دەستووری نێوان نەوازی لە ئوتێلەکانی شارە زلەکانی لێکتر دووری دنیا یەك شێوە وەربگیرێت. ڕەنگە کابرایەکی لەندەنی پتر لە پاریس و نیویۆرك و مۆسکۆ و تۆکیۆ خۆی بە میوان ببینێت تا شارێکی دیکەی بەریتانیا، لیستەیەك بگرێت بە ژمارەی فڕۆکان کە ساڵانە چەند جار هاتووچۆ بە خەلقی دنیادا دەکەن بۆ دەرەوەی وڵاتی خۆیان. سەرت سووڕدەمێ نیگایەك بەلای مۆدیلی بەرگ و پۆشاکدا

بکەیتەوە دەبینیت کیژێکی هەولێری خۆی لە کیژی قاهیرە و مونیخ و مەکسیکۆ نزیك دەکاتەوە تا کیژی ڕەواندز و قادرکەرەم! ڕەنگە کیژی هەولێر و ڕەواندز و قادرکەرەم لە چاولێکەری کیژانی ئەوروپاوە لێکتر نزیك ببنەوە. جۆری مێزڕازاندنەوە، جۆری خوێندن و زەوقی گۆرانی و فیلم و دانس و نازانم چی هەمووی خەریکە تێکدەکاتەوە. گەنجی شیوعی مۆسکۆ لاسایی گەنجێکی بێپەردەی شیکاغۆی لێ خۆش دێت. لەم بوارەوە خۆت فکر بکەرەوە لە من مەپرسە بە نیسبەت کوردەوە لێکدابران بەهۆی بەرهەڵستی سیاسییەوە لەلایەك و کەمبوونی پەیوەندی ئابووری لەنێوان ئەو کوردە لێکتردوورانەی کە هەرگیز یەکترییان نەدەدیت لەلایەکی دیکەوە و، نەبوونی هۆیەکی کۆکەرەوەی گشتی وەك بەرژەوەندی هاوچارەنووسی کە لەوەتەی تێکچوونی دەوڵەتی ماد بەر لە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵە بەخۆمانەوە نەدیتووە. لەلایەن سێیەمەوە مەسەلەی نەریت و لایەنی ئەوتۆییمانی دایە دەست داخوازی ئەو بارەی پێی دەڵێن هەڵکەوت (أمر واقع) واتە (حتمیە)ی لەیەکچوونی نەریتی دیاربەکر و سنە لە بەیندا نەما...

بەکورتی، پەیوەندی مایەوە لەسەر دوو شادەماری سەرەکی: یەکەمیان، هاتووچۆی ئێلی کۆچەران لێرە و لەوێ بەدوا پاوان و لەوەرگەی ئاژەڵدا کە لە سنووری کوردستاندا دەکرا وەك کە هەرکی لەنێوان گەرمێنی هەولێر کوێستانی قاسملوی نزیك ورمێ هەوار گۆڕییان دەکرد. دووەمیان، هاتووچۆی هەزاران فەقێ و مەلا بۆ ماوەی هەزار ساڵ لە بەرینایی و درێژایی هەموو کوردستاندا. ئابووری دەورێکی زێدە کزی هەبوو لە پێکبەستنەوەی هەرێمەکان؟ چونکە خۆی کز بوو، وڵات چۆڵ بوو، خەلق ڕووت و برسی بوو.

باوکم گووتویەتی: کورد و کوردستان دەپرسی وڵاتی چۆڵ وە قەومی ڕووت و برسی... تۆ سەیری لە ئاکامی ڕەجاڵی ئابووریمان زێی بادینان و زێی کۆیی بووبوون بەهۆی لێکدابڕایی خەلقی ئەمبەر و ئەوبەری هەردوو زێیەکە. لە سەدان کیلۆمەتری درێژایی زێیەکان، تەنها لە چەند دێیەکی نیمچە ئاوەدان کەڵەك دەکرا! گوایە ئاو ئاوەدانییە و زێ، ڕێی خواکردە بۆ گوێزانەوە. لە فەرهەنگماندا وشە نیە بەرانبەر (ناو) بە واتای هاتووچۆی ئاوی، کە لە فارسیدا (ناخدا ـ ناخودا) بە واتای (خاوەنی ناو) کەشتییەوان لەو (ناو)وەوە هاتووە و لێی قرتاوە. ئێمە بەلەمیشمان نەبوو چ جای کەشتی؟! لە بیرمە مامەڵەتکەرانی موصل و تکریت دەهاتن لە (تەق تەق) کەڵەکیان هەڵدەبەست و شتومەکی کڕیارییان پێ ڕادەگوێست بۆ بەغدا... خولاسەی کەلام، چەند بگەڕێین بەدوای هۆی بەرچاو کە کوردی بە کوردەوە بەستبێتەوە لەمسەر و ئەوسەری کوردستاندا و داب و نەریتی سەرلەبەر و هەمەگیری کۆنابنەوە و دەستمان لەچی ئەوتۆ گیرنابێ! مەگەر دوو هۆی ناماددی کە یەکێکیان زمانە دووەمیشیان ئایینە (ئایین لەگەڵ دەرس و دەوری فەقێ و مەلا یەك شتە) زمان وەك شیری دایك کە منداڵەکەی پێوەی ئۆگر و ژیر دەبێتەوە ئەویش ئاخیوەرەکانی لە یەکتر ئاشنا دەکات و بە داخوازی تێگەیشتن لە نامۆیی (بێگانەتی) کەم دەکاتەوە. ئایین هەموو پێڕەوەکانی دەخاتە سەرە ڕەوێك کە بگونجێ لەگەڵ داخوازییەکانی. دەبێ قۆڵی پۆشاك ئەوەندە فەڕاح بێت بۆ دەستنونێژ شوشتی هەڵویزەندرێت.. خواردن حەڵاڵ و حەرام دەبێت. ژن و پیاو پێکتر دەشیەن یا ناشیەن... گۆڕی سەحابان نەزر و سەدەقەی بۆ دەکرێت... کەللەی سەری باپیران بە

نامـەی (سـەلکی کـافر) بـەردەباران دەکرێـت. بـە زۆری گونـدەکان مزگـەوت بنیـات دەنـدرێت و... غـەزا و حـەج بـە هـەموو ئـەرك و ئازاریانەوە دەبنە خولیای خوالێرازیبووان.

لەلایـەن کراوەیـی ئافرەتـەوە هـەتا بـە لای کۆچـەردا چـوبای، سەربەسـتییان لـە چـوونەدەر و لـە کەسـابەتی سـەر بـە ئـافرەت بـۆ خزمەتی خێزان، ئاشکراتر بوو. ئەم لایەنەی کراوەییە تا ڕادەیەك لە قسەڕۆیشتن و ڕا و تەدبیریش بە دەری دەدایەوە. لە ئازادی پەیوەندی بە نێرینەوەشەوە، دەخلێکی ئاشکرای هەبوو تا ئەوەی (ڕەدووکەوتن) عەیبێکی گەورەی نەبەخشراوی پەیدا نەدەکردو بەئاسانی مەسڵەتی لەسـەر دەکـرا لـە کۆمـەڵگای فـەللاحیی کۆنـە نیـشتەجێ لـە دەگمـەن دەگمـەنتر بوو. ئافرەت دەنگی هـەڵێنابا بە گۆرانی کەچی کچ و ژنی ڕەوەنـد و عەشـرەتی تـازە فـەللاح و کۆنـە مـەڕدار تاکـە خـاوەنی بالۆڕەبوو، لە پیاوم نەبیستووە بالۆرەی گوتبێت. لەبیرمە بە منداڵی چەندین حیکایەتی چوونە مازووچنین و گەڵاداکردن و دارهەڵپیتاوتن کە پیاو و ژنی ڕەوەند و عەشرەتی تازە فەللاح و شاخنشین، شەوانە و ڕۆژانـە تێـدا خـەریك دەبـوون ڕووداوی سـەر بـە دڵـداریی و لەگـەڵ دڕنـدە تێکئـالان و مـشتومڕ و شـەڕە چـەپەڵۆکی نێـر و مـێ و شـتی ئەوتۆیی تێدا بەتام باس دەکرا هەتا خەو دەیبردمەوە. ئافرەتی فەللاح کەمتر لە ماڵ وەردەردەکەوێت لە چاو ئافرەتی دوو بەشەکەی دیکە، کـەمتریش قـسە ڕۆیـشتووە، زەحمـەتتریش مەسـڵەحەتی لەسـەر ڕەدووکەوتنی دەکرێت... ڕەزەوانی و باغەوانی ناو شاخ داوا دەکات سەری پایزان خاوەن ڕەز و مێوەی تەڕ بۆ گەرمێن و ببات و بە گەنم و جۆی بگۆڕێتـەوە بۆ تفاقی زستان، ئەگـەر فەللاح دانەوێڵە ببات بـە

مێوەی تەڕی بگۆڕێتەوە،ماڵی کاول دەبێت؟ چونکە لە دواڕۆژاندا میوە بۆگەن دەبێت... لە دەمی دۆشاو گوشیندا بەزمێکی ئێسکسووکی چەند شەو و ڕۆژە لە کۆگەی دۆشاو بەردەوام دەبوو. دڵیان نەدەهات لە دۆشاوەکە بخۆنەوە، دەهاتن تڵپاتی تڕێیان بە ئاوێکی کەمەوە دەکولاندەوە و (مەتێ)ی لێ پەیدا دەبوو، کە هەندی دۆشاو شیرین نییە، بەلام تامەزرۆشکێنیشە. ڕۆژی مشتاغی مێوژ ڕاخستنیش بەهات و بات بوو، بەلام ساڵە و ساڵ لە دەرامەتی کەم دەبۆوە تا وایلێدەهات (لە چناڕۆکی جەلیزادان) مشتاغ ڕاخستن نەما، کۆنبوونی کۆڵکە مێوەکان و کەمتەرخەمی خاوەن ڕەزەکان، کە ئیتر مێوژ گوزەرانی تائمین نەدەکرد، کێشایەوە سەر بێبەری درەختەکان. بەشە ڕەزی حاجی مەلا ئەحمەدی مامی باوکم ١٤ عەڵبە مێوژی لێکەوتبووەوە، کە دەکاتە ٥٠ تەنەکە مێوژ. لە باوکمم بیست کە ڕەزانەی زێدە قورسی سەردەمی تورکەکان وەهای کرد پتر لە پێنج هەزار ڕەزی مێوی دێمەکار لەنێوان بەنی پیرەمەم هەتا کۆتایی شاخەکە لە ڕۆخی زێی کۆیێ، کاول ببێت. شوولە داری بەشێکە لەو ڕەزانە لە قەد پاڵی شاخەکەی چناڕۆک هەر مابوو، ناو ناوە تڕێ و کرۆسکیشی پێوە دەدیترا. دەگ ماڵی زاڵم سەراو بن بێت، بەداخەوە هەر مەزڵووم تێدەچێت. بە کورتی، نەریت زەنەی واقیعە، نموونەیەکی ئەم قسەیەم لەوەدایە کە دەبینی لە شاری ئەوتۆ کە عادەتی میوان داکردن هەبوو، قۆناغی گەورەماڵ، سەرەڕای ئەوەی کە نهۆمی بنەوەی دیوەخانەی تەویلەی ولاغان بوو، لەبەردەم ماڵەکەش گۆڕەپان هەبوو جڵەوی جەڵەبە ولاخانی تێدا بگیرێت. دیتوومە خزمەتکاری چاوچنۆک لە شاری بەسەرخۆداخراودا سەیری دەمانچەی میوانی

کـردووه و (ماشـاڵڵا دەمانـچەی جـەنابت نایابـە) ئـی لێخوێنـدووه، میوانەکەش بێ سێ و دوو گوتوویەتی (لێت پیرۆزبێ) و دەمانچەکەی کردووەتە وەڵامی ئەو وشکەمەتحە. هەرچی شاری بەسەرخۆداخراو بوو خەمی گۆڕەپانی نەبوو، یەکێکی پەیوەندی بە دەشت و دەرەوە هەبوایە، لە نزیك ماڵیەوە حەساری بۆ داکردنی وڵاخی مێوان دروست دەکرد.

ئافرەتی ئەو تەرزە شارە داخراوانە نەدەیتران، کەچی شاری کرایەوە ڕەشبەڵەکی تێدا دەگەڕا، خان هەبوون مێوانی بێ خانەخۆی تێدا دەخزا کە لە عەشیرەت خانیش نەبوو. لەمەوە دیارە هەرچی ئاکـاری سـەخاوەت بـێ بـە مێوانـنـەوازی و فـەقیرداکردن و فـەقێ بەخێوکردن لە خۆوە دەبووە شەقڵی مەردایەتی. زێدەڕۆیی لە قسەمدا نییە کە دەڵێم خاوەن قۆناغ و نوای بێ دەرەتانان ماڵکاوڵی میوانداری بوون. خۆدزینەوەش لە جوانمەردی، مایەی ئابڕوچوون بوون. دابێك هـەبوو لـە دەمـی دروێنـەدا کـە دەسـتە سـواری بـەڵای سـەپاناندا تێدەپـەڕی سـواڵە دەغڵـی بـەرز دەکـردەوە بـەڕووی بـرا گـەورەی سوارانـدا، ئیتر خۆی و غیرەتی... دەبوو پاداشێکی نەقدینەی چەوری پێ عەتا بفەرمووی. عەیبە عەیبە ئەی ڕەفیقان، ماڵی خەڵق وێران دەکات، پیاو دەخاتە سواڵ و سوکی، گەورە سەرگەردان دەکات... ساڵی ١٩٣٨ وە یا ١٩٣٩ بوو مامۆستای هونەر (ڕەسم) لە سانەوی هەولێر (دانیال) لەوحەیەکی ڕەنگاوڕەنگی زۆر قەشەنگی دیوەخانە و مەلا ئەفەندی وێنەکێش کرد. ڕێکەوتی جارێك لە جاران ئەوە بوو دەستەی ئەندام و سەرۆکی دادگای بەرزی کەرکووك کە سەرۆکەکەی ئینگلیز بوو؛ لە سەردانێکی دادگای هەولێردا بۆ (جەمیل فراڤین)

هاتنه (باداوه) لای (مەلا ئەفەندی) بەسەر مێزی خواردنەوە ئینگلیزەکە لە عیزەدینی کوڕی مەلا ئەفەندی پرسی: ئەو لەوحەیە چەندی تەکلیف کردووە. لە وەڵامدا بە ئینگلیزی پێ گوتووە(it is a gift) واتە دیاری بێ پارەیە! کابرا بێئەوەی بدرکێنی چاوەکانی وەها کرانەوە، پێوە دیاربوو کە بەلایەوە کارێکی نەکردەنییە. لەم نموونانەوە خوێنەر ئەگەر لێشم ڕازی نەبێت کە بە سووکی لە ئەرکی پرسیارەکە ڕزگار بووم، دەتوانێت لەلایەنی بەرچاو لە کۆمەڵی کوردەواری بیرگیری بکات. بە ئاسانیش بۆی یەکالا نابێتەوە ئەو نەریتانەی دێتە بەر هەست و هۆشی، چەندیان ڕەسەنن و چەندیان خوازراون و چەندیان سەر بە ئایین و چەندیشیان بێسەروشوێنن. من تەبیاتم ئەوە نییە لە چیرۆکی میراتی ئەحمەد و مەحموود و تیخەلماس و کۆرەی یەمەنێ، عەیارەی ئاکار و جوانمەردیی و پاڵەوانی هەلێنجم؟ چونکە هەموو بەخوازی بێئەرك و مزەی گوێگر هەڵبەستراون. ڕووداوی ڕاست و دروست ئەو هەموو جانفیدایی و قارەمانەتییەی تێدا نییە. ڕاستییەکەی کۆمەڵگەی خۆ نەویست دەروون سازگار، پتر بەلای دەرخستنی کەمووکووڕی و لەنگەر بەزیویدا دەچێتەوە بەنیازی چارەسەرکردنی...